ڕاگەیاندنی بەرپرس و ڕاگەیاندنی ترس!!!

غازی حەسەن

گەلێک کەس باسی ئەرکی کۆمەڵایەتی ڕاگەیاندنی کردووە و بە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە بەڕێوەبردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بەرنامە و پەیامەکەی دەبەستنەوە، لە بەرانبەر ئەوەشدا ڕاگەیاندنی نابەرپرس و تێکدەرانە و ئاژاوە و ترس و تۆقاندن هەیە، کە دەبێتە مایەی تێکدانی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و شیرازەی کۆمەڵگە تێکدەدات.

کامە ڕاگەیاندن بەرپرسانەیە؟ پێوانەکانی بەرپرسیاریەتی لە کۆمەڵگە و بوارە جیاکاندا چییە؟ ئەم پرسیارە هەر بەرەو دەستەیەک دەتوانن بە پێی تێڕوانینی کەسی و ئایدیۆلۆجی تایبەتی خۆیان پێناسەی بکەن، بەڵام ڕاگەیاندنی ترس یەک پێناسەی هەیە، ئەویش تێکدان و ئاژاوەیە. ئەمەش وابەستەیە بە پێناسەی هەمەلایەنبوونی بەرپرسیاریەتی و لە هەمان گاڤیشدا تەنیا یەک پێناسە بوون بۆ ترس هەیە، کە بریتییە لە تۆقاندن و فریودان و ڕووخاندنی مرۆڤ لەڕووی سایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتی.

هەندێک لە ڕۆژنامەنووس و سیاسی و ئەکادیمییەکان لە ڕوانگەیەکی بەرتەسکەوە ڕاگەیاندنی بەرپرس بە پێگەی حزب و دەسەڵات دەبەستنەوە، پێیان وایە زۆر چەمکێکی کلاسیکە و ڕۆڵی ئەمجۆرە ڕاگەیاندنە کۆتایی پێهاتووە و ئیدی ئەم ئاڕاستەیە تەنیا تەبریر هێنانەوەیە بۆ درێژەپێدانی دەسەڵاتی کلاسیکی و ڕاکردنە لە ئازادی بڵاوکردنەوە، لە تەک ئەم بۆچوونەشدا ئەگەر و گریمانەی ئەوەش دەکرێت، بەرپرسیاریەتی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و کەسی و یاسایی و دەروونیشە، هەموو کەس و لایەنێک، هەموو گروپێکی ڕاگەیاندن ناتوانێت ئەرکی بەرپرسیاریەتی لەئەستۆ بگرێت، چونکە قسەکردن لەدەرەوەی بەرپرسیاریەتی کارێکی ئاسانە، بەڵام دەسەڵاتی قسەکردن بەرپرسیاریەتییەکی گەورەیە، چونکە بەرپرسیاریەتی ئیلتیزامێکی زۆر قورسی بەرانبەر ڕووداوەکان و گەیاندنی زانیاری بەهاووڵاتیان و ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگە و ڕاستکردنەوەی ڕەوشی هەڵە و کەمکردنەوەی ئاڵۆزیی و نەهێشتنی ناکۆکیی و بەدیهێنانی ڕاستگۆیی و لەهەموو شتێکیش گرینگتر ئەوەیە، کە بەرپرسیاریەتی وابەستەیە بەئەخلاقی کۆمەڵایەتی و سیاسی، پرۆسەیەکە قورسە، هەموو کەسێک ناتوانێت ئیلتیزامی پێوەبکات. مەبەستم لەبەرپرسیاریەتی ڕێک ڕاپەڕاندن و بەدیهێنانی خواستە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و بژێوەیەکان و تێکشکاندنی دوژمنەکانە لەهەموو بواریکدا.

لە بەرانبەریشدا ڕاگەیاندنی ترس، پێچەوانەی ئەوە، هیچ سنورێک بۆ ڕاگرتنی هەست و نەستی هاووڵاتی دانانێت، ئەرکی ئەوەیە هانی گوێگر و بینەر و وەرگرەکانی بدات، دڕۆبارانی کۆمەڵگە بەرەوا بزانن، هەموو تێڕوانین و زانیاری و هەڵوێست و لێکدانەوەیەک لەڕوانگەی کەسی ببینن، تاک لەسەر گیانی یاخیبوونی ڕوخێنەر و خۆبەدەستەوەدان و فریودان و تێکشکاندن و بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن ڕادەهێنێت.

ڕاگەیاندنی ترس هەموو بنەماکانی متمانە و بڕوابەخۆبوون تێکدەشکێنێت و قوربانیەکان یەکسان دەکات بە بەرژەوەندییەکانی تەسلیمبوون بەداگیرکەران.

ڕەنگە گرینگترین جیاوازییەکانی ئەم دوو ئاڕاستەیە لەنێو ڕاگەیاندن وابەستە بوون بەنیشتیمان و یاخی بوون لەنیشتیمان بێت، ڕاگەیاندنی ترس هەردەم دەیەوێت نیشانی بدات یاخییە و بەڵام یاخی لەچی؟ یاخی لەسەربەخۆیی وڵات و نیشتیمانەکەی، یان یاخیبوون لەزولم و گەندەڵی و ئیستغلالی سەرمایەدارە مشەخۆرە چەتەکان، کە خۆیان بەرهەمی ئەم پێناسە سەرمایەداریەن، هەروەها دەیەوێت وەکو خۆی شەرعیەت بۆ دەستەمۆبوونی خەڵکێکی دیکەش لای داگیرکەرو پرۆژە تێکدەرەکانی دەرەوەی سنوری جوگرافیای نیشتیمان بدۆزێتەوە، ئازادانە بانگەشە دژی ڕیفراندۆم و ڕەتکردنەوەی دەکەن، کەچی بەرانبەر دوژمنەکان و بۆ بەدیهێنانی سودی دارایی و دەستکەوتی کەسی و نێوبانگ و پارە ملکەچێکی ترسناکە، ملکەچێکە بەردەوام دەیەوێت فریوی هاووڵاتیان بدات، پیرۆزییەکانی نیشتمان بچووک بکاتەوە و لاساریی و وابەستە بە پرۆژە مەترسیدارە دەرەکییەکان، سپی بکاتەوە.

دەکرێت لەم ڕۆژانەدا نموونەی گومانەکانمان و ڕاست دەرچوونی ئەزموونی خراپی سەربەخۆ نەبوونەکەی (ئێن ئار تی) و ئەو کەناڵە کلکانەی بۆ دژایەتی ڕیفراندۆم دامەزراندووە، بە نموونەی ڕاگەیاندنی ترس بهێنینەوە، کە وەکو ملکەچێکی سەرچاوە دەرەکییەکان بانگەشە بۆ بیروبۆچوونەکانی گروپێکی شیعە و وڵاتە هەرێمایەتییەکان و هەندێک کەسی دیکەی نزیک لۆبی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان کاربکات.

بێگومان ئەمجۆرە ئاڕاستە و جۆرە ڕاگەیاندنانە ڕەنگە لە زۆر وڵاتی دیکەشدا هەبن، بەڵام پێناچێت هیچکیان هێندەی گروپەکەی سلێمانی ئەم هەموو دەسەڵات و زەمینەو ئازایەتییەیان بە خۆیانەوە نەدیبێت، دژایەتی ئاشکراو ڕاستەوخۆی مافە نەتەوەییەکانی خۆی بکات.

هیچ گرووپێکی ڕاگەیاندن و هەتا سیاسیش هێندە دەسەڵاتی بە خۆی نەداوە دژی ڕیفراندۆم بێت، چونکە ڕیفراندۆم یەکێک لە پرۆسە و کەرەستە مینارەوییەکانی بڕیاردان لە هەندێک مەسەلەی چارەنووسساز، لە کاتێکدا ئەم گروپە زۆر درۆزنانە بانگەشەی دیموکراسی وئازادی ڕاگەیاندن و سەربەخۆیی پیشەیی و بێلایەن بوون بۆ کۆمەڵگە دەکات، کردەوەکانیشی نیشانەی پێچەوانەی ئەمە دەگەیەنێت، ئەمجۆرە ڕاگەیاندنە زۆر لەو فەوجە جاشانە ترسناکترە، کە پێش لەشکری داگیرکەر دەکەون و هاووڵاتیانی وڵاتەکی خۆیان ئاگرباران دەکەن، ئەوان بەشێک لەخەڵک دەکوژن، بەڵام ئەم ڕاگەیاندنە دەیەوێت هەموو کۆمەڵگە بکوژێت، مافی هەموو خەڵک ڕەتدەکاتەوە، شێوازی دیموکرسیانە و مۆدێرنی ڕیفراندۆم ڕەتدەکاتەوە، لەبەرانبەردا (تێکشکاندنی بەرپرسیاریەتی) بینادەکات. گیانی ڕاسەپێنی و ترس پیادەدەکات، هەروەها گوتارە سیاسییەکەی ڕێک نوێنەرایەتی داگیرکەران دەردەخات، نەک بیناکردنی گیانی بەرپرسیاریەتی و دروستکردنی بنەماکانی سیستەمی ئازادانەی دەنگدان لای هاووڵاتی، ئەم ئاڕاستەیە پەیامی گوتاری داگیرکەران جێبەجێ دەکات، لەبەرانبەریشدا ڕاگەیاندنی بەرپرسانە دەیەوێت هاووڵاتی توانای بەشداریی و دەنگدانی هەبێت و ئازادیش بێت چی دەڵێت. گوتاری ڕاگەیاندنی بەرپرسانە تێکشکاندنی گوتاری ترس و تۆقاندنە، گوتاری ڕزگاربوونە، ڕزگار بوون وەکو تاک، وەکو خاک و نیشتیمان، دروستکردنی زەمینەی ئازادبوونی تاکە، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ڕیفراندۆمە دەسەڵاتی خۆی نیشانبدات، نەک دەسەڵاتی زۆی بسڕێتەوە.

بەرەو ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی

قادر حەسەن

بەشی نۆیەم

من خەریکە گومانم لا دروست بێت لە هەڵوێستی هەندێک حزب و لایەنی سیاسی کە زۆر باس لە کۆدەنگی و هاوهەڵوێستی دەکەن، چونکە ئەم دروشمە بە ڕواڵەت زۆر جوانە بەڵام هەر خوا ئەزانێ ئەوانەی وا دەڵێن بە چ مەبەستێکەوە ئەم قسەیە دەکەن!

من هەندێک جار وای تەفسیر ئەکەم کە ئەم قسە جوانە کە لای هەموو تاکێکی ئەم کوردستانە مەقبوولە و ئارەزووی هەموو هاووڵاتیەکی دڵسۆزی ئەم کوردستانەیە کە کۆدەنگی و هاوهەڵوێستی بۆ هەموو پرسەکار هەبێت، بەڵام گومانی من ئەوەیە ئەم قسە جوانە تەنها بە ڕواڵەت جوان و شیرین بێت و لە ناوەوە ژەهری تێدابێت، بۆ نموونە دوژمنانی کوردستان ئەم قسەیە بەو لایەنانە دەڵێن بۆ ئەوەی تووشی ئیحراج نەبن لەلایەن ڕای گشتی کوردستان، پێیان دەڵێن ئێوە داوای کۆدەنگی و سازان بکەن بەڵام کات بەفیڕۆ بدەن و هەرجارەو بیانوویەک بدۆزنەوەو تاکتیک و سیناریۆی وا بەکاربێنن کە هەرگیز ئەم کۆدەنگیە بەدی نەیەت تاکو ئەم ماوەی بۆ ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی دیاری کراوە بەکۆتادێت ئینجا پیلانی شوومی دوژمنان سەردەگرێت و ڕیفراندۆم ئەنجام نادرێت، من هیوادارم بەهەڵەداچووبم، شتی لەو چەشنە لەئارادا نەبێت بەڵام خۆناکرێت مرۆڤ پەرۆشی و مەترسییەکانی نەخاتەڕوو، چونکە ئەم پرسە زۆر گرنگ و چارەنووس سازە وەکوو هیچ شتێکی تر نیە کە بڵێین قەیناکا ئەم جارە نەبوو جارێکی تر هەوڵدەدەین، ئەمە وانیە ئەم دەرفەتەی ئێستا ڕەخساوە دووبارەبوونەوەی بەو ئاسانیە نییە کە بیری لێ دەکرێتەوە، خۆشبەختانە سەردەمی ئێستا بەشێوەیەکە کە داگیرکەرانی کوردستان ناتوانن وەکو ڕابردوو بە زەبری ئاگر و ئاسن پەلاماری گەل و وڵاتمان بدەن، بۆیە پەنا دەبەنە بەر پیلان و دەسیسەی سیاسی و بەتایبەتی لە ڕێگەی ئەو کەس و لایەنانەی کە تا ئەندازەیەک گیرۆدەی سیاسەت و پیلانەکانیان بوونە، ئەگەر نەیارانی ناوخۆ نەبێت ئیمڕۆ هیچ هێزێکی دەرەکی ناتوانێ ڕێگە لە حەزو ئارەزووەکانی خەڵکی کوردستان بگرێت، دونیای دیموکراسی و سەردەمی بڕیاردانە لە چارەنووسی گەلان وە هەرێمی کوردستانیش دەیەوێت لە ڕێگەی ڕیفراندۆم کە شێوازێکی مەدەنیانە و دیموکراسیانەیە تەعبیر لە ئیرادەی خۆی بکات و بڕیار لە ئایندەی خۆی بدات، بۆیە من پێشنیار دەکەم چیتر پرسەکان و ئەو خاڵە ناکۆکانەی گرفتێ لەبەردەم ئەنجامدانی ڕیفراندۆم ئاوا بە هەڵواسراوی نەمێننەوەو چیتر بەبێ دانانی سەقفی زەمەنی هیچ کۆبوونەوەو دانووستاندنێک نەکرێ، چونکە کات زۆر کەمە وە پرۆسەکە زۆر گەورەو پیرۆزە، دەبێ بەر لەوەی بگەینە 2017/9/25 پێویستە بە چەند هەفتە هەموو پرسەکان چارەسەر کرابن و هەموو ڕێکارە هونەری و سیاسی و ئیداریەکان ئامادەکرابن، ناکرێت هەر جارەو بەبیانوویەک چەندین ڕۆژ چاوەڕوانی وەڵامی لایەنێک بکرێت ئینجاش هەمان قسەو بیانووی پێشتر دووبارە بکاتەوە، پێویستە بە زووترین کات لایەنەکان هەڵوێستی خۆیان بەڕوون و ڕاشکاوی دیاری بکەن و چیتر پێچ و پەنا نەکەن بۆ ئەوەی بەرەی پشتیوانی لە ڕیفراندۆم و بەرەی دژ بە ڕیفراندۆم یەکلایی بکرێنەوە، بۆئەوەی بەرچاوی خەڵکی کوردستان ڕوون بێت، بڕوبیانوو بەسە، پرسی سەربەخۆیی کوردستان زۆر ئاشکرایە بۆچی دەبێت کۆدەنگی لەسەر نەبێت، ئەم پرۆسەیە سەرخەن ئینجا بۆ بابەتەکانی تر دانووستان بکەن، بەڵام بە قەناعەتی من زۆر خاڵێکی لاواز و بگرە شوورەییشە کە دونیا سەیربکات خەڵکی کوردستان بۆ پرسی سەربەخۆیی خۆیان یەک دەنگ نین بەڕاستی ئەنە عەیبەیەکی زۆر گەورەیە!

هیوادارم، هەموو لایەنەکان ئەم بابەتە بەجددی وەربگرن چیتر کات بە فیڕۆ نەدەن چونکە بە هیچ شێوەیەک کات بەفیڕۆدان لەبەرژەوەندی ئێمە نیە بەڵکوو پێویستە هەرچی زووە هەموو تێڕوانین و بۆچوون و ڕەئی نیهائی لایەنەکان بزانرێت، خۆ ئەگەر فیعلەن نیازپاکی هەبێت دەبێ فەرموون ئەو کۆدەنگیەی باسی دەکەن دروستی بکەن، بەڵام ئەگەر تەنها ئەم قسەیە بۆ کات بەفیڕۆدان و جێ بە جێ کردنی پیلانی دوژمنانە، ئەمە تاوان و خیانەتێکی گەورەیەو نابێت خەڵکی کوردستان قەبوڵی بکات کە من دڵنیام زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان بەپێچەوانەی وەلای حزبایەتیان دەنگ بۆ سەربەخۆیی خۆیان دەدەن چونکە وەلای نەتەوەو نیشتیمان زۆر گەورەترە لە پابەندبوونی حزبایەتی بەرتەسک.

ئەمەریکا نوێترین چەکەکانی لە شەڕی دژی ئێراندا تاقیدەکاتەوە

خەبات: زانکۆ جاف

ڕۆژنامەی (گازتارۆ)ی ڕووسی وتارێکی میخائیل خودارنۆک، شرۆڤەکاری سیاسیی بڵاو کردووەتەوە کە تایبەتە بە ئامانجە سەربازییەکانی ئەمریکا لەبارەی ئێرانەوە، کە تێیدا ناو و جۆری ئەو چەکانەی بڵاو کردووەتەوە کە بڕیارە ئەمریکا لەدژی ئێران بەکاریان بێنێ. ڕۆژنامەی گاردیان، ڕۆژی شەممە 2017/8/5 لە سەروتاری خۆیدا جەخت دەکاتەوە، ئەگەرچی ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران کارەسات نییە، بەڵام هەڵوەشاندنەوەی لەلایەن دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکاوە، کارەساتی بە دواوە دەبێت.

ئامانجە سەربازییەکانی ئەمەریکا

ڕۆژنامەی (گازتارۆ)ی ڕووسی وتارێکی میخائیل خودارنۆک، شرۆڤەکاری سیاسیی بڵاو کردووەتەوە کە تایبەتە بە ئامانجە سەربازییەکانی ئەمریکا لەبارەی ئێرانەوە، کە تێیدا ناو و جۆری ئەو چەکانەی بڵاو کردووەتەوە کە بڕیارە ئەمریکا لەدژی ئێران بەکاریان بێنێ. ماڵپەڕی سپۆتنیک ئەو بابەتەی بڵاو کردووەتەوە کە تێیدا هاتووە: بەپێی دوایین زانیارییەکان ئەمریکا بەتەمایە بە ئاسانی ئێران تێک بشکێنێت.

پێنتاگۆن (وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا) هەتا ئێستاش ڕێکاری سەربازی بۆ چارەسەریی پرسی ئێرانی وەلا نەناوە. شرۆڤەکارانی ئەرمیکی لەو باوەڕەدان ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕ لەگەڵ ئێران، پشت بە نوێترین چەکوچۆڵی پێشکەوتوو نەوی پێنجەم (F22) دەبەستێت کەلە هەمان ڕۆژانی یەکەمدا ئامانجی یەکەم و زاڵبوون بەسەر ئێران بەدەست بێنێت.

بەکارهێنانی چەکە پێشکەوتووەکان

هاوکات ئەمریکییەکان بۆ زاڵبوون بەسەر شەڕ لەگەڵ ئێران چەندان جۆری نوێی چەکوچۆڵی سەربازی بەکار دەهێنن. ڕۆژنامەی (warrior)ی ئەمریکی لەم بارەوە بڵاویکردووەتەوە لە ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕ لەگەڵ ئێران، ئەمەریکا پێشکەوتووترین چەکەکانی خۆی بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی لە هەمان خولەکەکانی یەکەمدا زاڵ بێت بەسەر ئاسمانی ئەو وڵاتەدا. کۆماری ئیسلامیی ئێران لەلای ئەمریکییەکان وەک دوژمن لەقەڵەم دەدرێت. بەپێی زانیارییەکانی هەمان ڕۆژنامەی ئەمریکی، ویلایەتە یەکگرتووەکان پێنج جۆر چەکی نوێ و پێشکەوتووی دەستنیشان کردووە کە دەکرێ زۆر بە ئاسانی حکوومەتی ئێران تێک بشکێنێت، لەوانە: F22یان ڕپیتۆر کە جۆرێک شەڕکەرن کە واشنتۆن بۆ بەرەنگاربوونەوەی فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکانی ئێران (پێهباد) لەبرچاو گیراوە کە دەگوترێ فڕۆکە F4ەکان (فانتۆم)ی هێزی ئاسمانی ئێران لەباری تەکنیکی و پێکانی ئامانجەوە قەت لەگەڵ ئەوانەی ئەمریکا بەراورد ناکرێن. هیچ مەترسییەک بە ئەندازەی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران، نەبووەتە هەڕەشە بۆ سەر ئەمریکا، هەر بۆیە هەر سەرکۆمارێکی نوێ کە لە ئەمریکا دێتە سەرکار، بۆ چارەسەریی کێشەی ناوکی هیچکات ڕێکاری سەربازی بۆ چارسەکردنی وەلا نانێن. بەڕای کارناسانی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا لە دۆخێکی وەهادا بۆمب هاوێژی ستراتیژیی B2 (سپریت) باشترین نموونەیە بۆ تێکشانی بەرنامەی ناوکیی ئێران لەڕێگەی سەربازییەوە.

جۆری چەکەکان

یەکێک لە پێشکەوتووترین بۆمبهاوێژەکانە کە دەتوانێ لە قەڵغانی سیستەمی بەرگرییەوە تێبپەڕێت و هاوکات دەتوانێ بۆ ماوەی زۆر و تەنانەت بەبێ سووتەمەنیش بفڕێت و دەتوانێ زیاتر لە 20 تۆن بۆمب هەڵبگرێت. بۆمبی GBU-57 Massive Ordnance Penetrator MOPەکە دەتوانێ پێش تەقینەوە بڕواتە قووڵایی 61 مەتریی زەوی و هاوکات دیواری بتۆن و سەبەری 19مەتری ببڕێت و ئامانج بپێکێت. چەکی نەفەرهەڵگری زرێهیی دەریایی نوێ ACV 1. 1 کە ئەم جۆرە چەکە بۆ بەپەرچدانەوەی مووشەکە دوورهاوێژەکانی ئێران و شەڕی ئاوی بەکار دێت. چەکی لەیزەری نوێترین چەکی پێشکەوتووی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکایە کە تاقیکردنەوەیکانی ئەم دواییە سەلماندیان چەکی لەیزەریی ئەمریکا بە خێراییەکی سەرسووڕهێنەر و گەرماییەکی زۆر لە ماوەیەکی زۆر کەمدا و زۆر بە نهێنی و بێدەنگ و هەست پێنەکراو و نەبینراو ئامانج دەپێکن کە ئاستی خەساری پەنجا هێندەی چەکەکانی دیکەیە.

هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە

لەلایەکی دیکە ڕۆژنامەی گاردیان، ڕۆژی شەممە 2017/8/5 لە سەروتاری خۆیدا جەخت دەکاتەوە، ئەگەر چی ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران کارەسات نییە، بەڵام هەڵوەشاندنەوەی لە لایەن دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکاوە، کارەساتی بە دواوە دەبێت. گاردیان لە لە سەروتارەکەیدا دەنووسێت: لە کاتێکدا جیهان تەماشای ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی حەسەن ڕوحانی دەکات، وەک سەرۆککۆماری ئێران دەست بەکار دەبێتەوە، فیدریکا مۆگرینی، بەرپرسی سیاسەتەکانی دەرەوەی یەکێتی ئەورووپا و جێگری سەرۆکوەزیرانی وڵاتانی بەریتانیا، فەرەنسا و ئەڵمانیا، بەشداری ئەم ڕێوڕەسمە بوون. ئەم ئاستە لە بەشداری نیشان دەدات، کە پەیوەندی ڕۆژئاوا بە ئێرانەوە بەتایبەتی لە خولی یەکەمی سەرۆککۆماری ئێران، تا چ ڕادەیەک گەرم و گوڕ بووە.

گاردیان لە درێژەدا دەنووسێت، هەر چەند حەسەن ڕوحانی توانی لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەی سەرۆککۆماری ئێران بە سەر ڕکابەرە کۆنەپارێزەکەیدا سەربکەوێ، بەڵام نەیارانی ڕوحانی چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەم وڵاتە، ڕیزیان بەستووه. هەڕەشەکانی دۆناڵد ترەمپ، دەربارەی کشانەوەی وڵاتەکەی لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی، لە ئێستادا گەورەترین هەڕەشەیە بۆ سەر حەسەن ڕوحانی. بەپێی سەروتارەکەی پێرێی ڕۆژنامەی گاردیان، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی، کە چاودێری بە سەر ڕێککەوتنەکەدا دەکات ڕایگەیاندووە، کە ئێران پابەندی خاڵەکانی ئەم ڕێککەوتنە بوو، بەم حاڵەشەوە ترەمپ بەڵێنی داوە، کە گەورەترین دەستکەوتی ئیدارەی باراک ئۆباما، کە هەمان ڕێککەوتنە ئەتۆمیەکەی گەڵ ئێران بێت، لەبار ببات.

درێژکردنەوەی هەڵپەساردنی گەمارۆکانی سەر ئێران

ترەمپ، تاکو ئێستا دوو جار گەلاڵەی درێژکردنەوەی هەڵپەساردنی گەمارۆکانی سەر ئێرانی بە نابەدڵی واژۆ کردووە، بەڵام هاوکات داوای لە ڕاوێژکارانی کردووە، کە ڕێگەیەک بۆ هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتنەکە بدۆزنەوە. دەگوترێ مانگی داهاتوو ڕەنگە ترەمپ پابەندنەبوونی ئێران بە ڕێککەوتنەکە ڕابگەیەنێ و بەم جۆرە بڕیارێکی چاوەڕواننەکراو دەربکات.

ئێران سودمەند بووە

حەسەن ڕوحانی بانگەشەی ئەوە دەکات، کە ڕێککەوتنی ئەتۆمی دەبێتە هۆی گەشەسەندوویی و پێشکەوتنی وڵاتەکەی. دەشڵێت، ئابووری ئێران کەوتۆتەوە سەر ڕێڕەوی گەشەکردن، هەڵاوسان دابەزیوە و نرخی تمەن جێگیر بووە. لە لایەنی دیکەوە، ئێران دەڵێت ئەمریکا بە ڕێگەی سەپاندنی گەمارۆکانی پەیوەست بە چالاکی موشەکی و پرسی مافەکانی مرۆڤ، ڕێککەوتنەکەی پێشێل کردووە. یەکێتی ئەورووپاش پاڵپشتی ڕێککەوتنەکە دەکات. هەر بەم ئاڕاستەیەش کۆمپانیای نەوتی توتاڵ، مانگی ڕابردوو ڕێککەوتنی گازی بە بەهای چەند ملیار دۆلار لەگەڵ تاران واژۆ کرد. بە گوتەی گاردیان، ئەگەرچی هەڵبژاردنەکان لە ئێران بەپێی پێوەرەکانی هەڵبژاردنێکی ئازاد، ناکرێ بڵێی ئازاد و دیموکراتییە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمانی ئەمریکا لە ناوچەکە، لانی کەمی ڕکابەرێتی تێدا دەبیندرێ. سەرباری ئەمەش، سەرۆکی ئەمریکا وەک کاردانەوەی بەرامبەر بە هەڵبژێرانەوەی ڕوحانی بۆ پۆستی سەرۆککۆماری، پشتیوانی خۆی بۆ سعودیە دووبارە کردەوە.

دوژمنایەتی ئەمەریکا لەگەڵ ئێران

لە بەشێکی دیکەی سەروتارەکەی گاردیان هاتووە، دوژمنایەتی ئەمریکا لەگەڵ ئێران، بە پێچەوانەی ویستی خەڵکی ئەم وڵاتە، یارمەتی بەهێزبوونی باڵەکەی دیکەی کۆماری ئیسلامی دەکات، کە بە باڵی توندڕەو دەناسرێنەوە. تەنانەت جەیمز ماتیس، وەزیری بەرگری ئەمریکا، کە ئێران بە گەورەترین هەڕەشە لە دژی خۆی وەسفی دەکات، لە ڕیزی ئەو کەسانەدایە، کە خوازیاری مانەوە و بەردەوامی ڕێککەوتنەکەیە. گاردیان جەخت دەکاتەوە، ئەگەر چی بە بۆچوونی ترەمپ، گرێدانی ئەم ڕێککەوتنە لە گەڵ ئێران کارەساتە، بەڵام سەرۆکی ئەمریکا لە هەڵەدایە، لە بەر ئەوەی هەڵوەشاندنەوەی کارەساتبارترە.